کۆربی:واشنتۆن پێیوەندیەکی باشی لەگەڵ عێراقدا هەیە و پشتگیری لە سەروەری ئەو وڵاتە دەکات

ڕێکخەری سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا رایگەیاند کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ عێراقدا هەیە پشتگیری لە سەروەری عێراق دەکەن.

جۆن کیربی ڕێکخەری سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە کۆشکی سپی وتی: "ئەمریکا پەیوەندییەکانی باشی لەگەڵ عێراقدا هەیە و پشتگیری لە سەروەری ئەو وڵاتە دەکەین".

ئاماژەی بەوەشدا کە "لە ئێستادا لەگەڵ عێراق لە گفتوگۆداین لەبارەی دۆخی سەربازی هێزە ئەمریکییەکان لە وڵاتەکە".

وتیشی: "هەرشەکانمان بە ئامانجی پشێلکردنی سەروەری عێراق نەبووە".